گۆڤاری JZS

# زانکۆی سلێمانی

بەشی B

ISSN/1813-0852

گۆڤارێکی زانستییە

بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی دەریدەکات

ژمارە ٢٠ حوزەیرانی ٢٠٠٧


## ناوەڕۆک


- مۆتیڤی پایز لە شیعرەکانی بێسارانیدا.................٧

د.ئەنوەر قادر محەمەد

- گۆران داهێنان و نوێخوازی..............................٣١

پ.ی.د.دڵشاد عەلی

- دانیلڤسکی ولێکدانەوەی شارستانێتی بۆ مێژوو..............٦٣

م. کامەران محمد قادر

- 'نالیی' لەنێوان لێکدانەوەی وێژەوانیی ولێکۆڵینەوەی ئەتیمۆلۆژییدا..............................٨١

پ. ی. د. محەمەد مەحوی

- زەندەقە.................................................٩٩

پ. د. موحسن محەمەد حوسێن – م. کەیوان ئازاد ئەنوەر

- سۆسیال – ناسیۆنالیزمی بەعس..........................١٣٣

م. هیوا عەزیز سەعید

- طوبوغرافیة كوردستان المركزية...........................١٥٥

أ.م.د.جەزا توفيق طالب

- الأسس القانونية لحق التدخل في القانون الدولي العام.........١٧٣

د.جلال كريم رشيد جاف

- انسجام تطورمسؤولية المحاسبين القانونيين عن اكتشاف الغش والتقرير عنه مع متطلبات معيار التدقيق الدولي رقم ٢٤٠....٢٠٣

د. محمد هادي العدناني

- فاعلية العصف الذهني في التدريس....................٢١٧-٢٠٣

د. هيثم احمد علي

# سۆسیال - ناسیۆنالیزمی

# بەعس

## (خوێندنەوەیەك لەمێژووو پێكهاتەی بیری سیاسی بەعسیزم لەعیراقدا)

م. هیوا عەزیز سەعید/ كۆلێژی زانستی مرۆڤایەتییەكان/ زانكۆی سلێمانی

**پێشەكی:**

ئایدۆلۆجیای بەعسیزم كەنزیكەی نیوسەدە لەمێژووی هاوچەرخی عیراقدا پراكتیزەكراو زمانو فەلسەفەی دەسەڵات بوو، كاردانەوەیەكی قوڵو ڕیشەیی لەسەر پێكهاتەی كەسیو سروشتی مامەڵەو بیركردنەوەی تاكی كۆمەڵگەی عیراقی جێهێشتووە، بەتایبەتی سستمێكی تۆتالیتاری بەهێزی دروستكرد كە كۆنترۆڵی تەواوی بوارەكانی ژیانی كۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسی كردبوو، لەبەر ئەوە هەمیشە بەرهەمهێنەری كەسایەتی توندوتیژو دیكتاتۆر بووە.

ئەم ئایدۆلۆجیایە هەوڵدراوە بیری ناسیۆنالیستیو سۆسیالیستیی تێدا بەرجەستەبكرێت، بەجۆرێك داڕێژراوە بتوانێت لەپانتاییەكی گەورەدا زۆرترین نەتەوەو ڕەگەزی جیاواز قووتبداتو لەژێر بەیداخو ئاڵای بەعسیزمدا نەتەوەیەكی نوێ پێكبهێنێت، لێرەوە تێگەیشتنو خوێندنەوەی پێكهاتەو ناوەخنی بیری سیاسی بەعس دەبێتە بابەتێكی گرنگ بۆ توێژینەوە، بەتایبەتی ڕوونكردنەوەی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان سۆسیالیزمو ناسیۆنالیزمدا هەیە لەبیری سیاسی بەعسداو خستنە ڕووی هەریەك لەو چەمكانە بایەخی تایبەتیان هەیە لەم بوارەدا.

بۆ ئەم مەبەستە لەمیانەی دەروازەیەكو دووتەوەرەدا بە پێڕەوكردنی میتۆدێكی شیكاری ڕەخنەیی هەوڵدەدەین شێوازو چۆنیەتی تێگەیشتنی بەعس بۆ هەردوو چەمكەكە پێشكەش بكەین.

شیاوی ئاماژە پێكردنە هەوڵدان بۆ خوێندنەوەو شرۆڤەكردنی ئایدیاو تێڕوانینی بەعس بۆ ئەم دوو چەمكە، بەم میتۆدەو لەچوارچێوەیەكی ئەكادیمیدا نەبینراوە، ئەگەر ببێت ئەوا بەدڵنیاییەوە جیاوازی دەبێت لەگەڵ سروشتیئەم توێژینەوەیەدا.

دەروازە:

## کورتەیەك دەربارەی مێژووی حزبی بەعس

سەبارەت بە سەرەتاو چۆنیەتی دروستبوونو کەسانی دامەزرێنەرو هۆکارو پاڵنەرەکانی دامەزراندنی حزبی بەعس جیاوازی هەیە، بەڵام ئەوەی گومانی تێدانییە ئەوەیە لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا ئەم حزبە دوای گەڕانەوەی هەردوو کەسایەتی (میشیل عەفلەقو سەلاحەددین بەیتار) لەئەورووپاوە بۆ سوریا دروستبووە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی سەرەتای دروستبوونی بەعس بۆ سییەکانی سەدەی بیستەم بگێڕنەوەو بەدرێژکراوەی (کۆمەڵەی کاری نەتەوەیی) دابنێن[1]. لەبەرامبەردا هەندێکی تر سەرەتای دامەزراندنی بۆ ساڵانی چلەکان دەگێڕنەوە کاتێك بەیانێکیان بەناوی (بزوتنەوەی ژیاندنەوەی عەرەبی) بڵاوکردەوە[2].

دامەزرێنەرانی حزبی بەعس مایەی مشتومڕی نوسەرانە، هەندێك (زەکی ئەرسوزی)و هەندێکی تر(عەفلەق) بە دامەزرێنەری بەعسدادەنێنو لەسەرەتاوە لەدوو باڵ دروستبووە، باڵێکیان (عەفلەقو بەیتار)و ئەوی تر (ئەرسوزی) سەرپەرشتیکردووە، بەڵام کاتێك (ئەرسوزی) لەساڵی (١٩٤٤) دەست لە کاری سیاسی دەکێشێتەوە دەبنەوە بەیەك حزبو (عەفلەق) دەبێتە سەرۆکیان[3].

حزبی بەعس لە ڕۆژانی (٤-٦)ی نیسانی (١٩٤٧)دا یەکەم کۆنگرەی خۆی کە بە کۆنگرەی (دامەزراندن) ناودەبرێت گرێدا، لەمیانەیدا پەیڕەو پرۆگرامی حزب ئامادەکراو (عەفلق) بە سەرۆکی حزب دانرا، دەزگایەکی بەڕێوەبردنو جێبەجێکردن لە سێ ئەندام پێکهات، هەروەها لەساڵی (١٩٥٣) بەعس لەگەڵ (حزبی سۆسیالیستی عەرەب) کە لەلایەن (ئەکرەم حۆرانی) دروستکرابوو، یەکیان گرتو ناوی حزب بووبە (حزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب)[4].

بەم جۆرە حزبی بەعس لە سوریا دروستبوو، وەك حزبێکی جیاواز لە حزبەکانی تری بزوتنەوەی عەرەبی خۆی ناساند لەوەدا کە توانییەتی چوارچێوەیەکی گشتگیرو هەمەلایەن لەهەردوو بواری تیۆرو پراکتیکدا بەجوڵانەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبو خەباتەکەی ببەخشێ، ئەمەشی لەهەرسێ دروشمی (ئازادیو سۆسیالیزمو یەکبوون)دا بەرجەستە کردووە[5].

هەروەها لەدوای کۆنگرەی دامەزراندن، بڕیاردرا بۆ گەشەپێدانو گشتگیرکردنی ئایدۆلۆجیای بەعسیزم لەوڵاتو هەرێمە عەرەبییەکانی تردا، دەست بەکاربکرێتو شانەی ڕێکخستن دروستبکرێت[6]. لەم ڕوانگەیەوە عێراق بووە یەکێك لەخواستو مەبەستەکانی بەعسو لەلایەن (فائز ئیسماعیل)و (وەسفی غانم)و (سلیمان عیسا)و (ئەدهەم مستەفا)و (شبلی ئەلعیسەمی) کە خوێندکاربوون لەعێراق تۆوی بەعسیزم لەناو خوێندکارە عێراقیەکان بڵاوکرایەوە، لەلایەکی

---

[1] إلياس فرح: مقدمة في دراسة المجتمع العربي والحضارة العربية، جامعة بغداد، ١٩٧٩، ص١٨٢-١٨٤.

[2] حسن السعيد: نواطير الغرب، مؤسسة المنار-قم، ١٩٩٤، ص٤٣-٤٤.

[3] م.ن، ص٤٢-٤٤؛ سمير الخليل: جمهورية الخوف (عراق صدام)، ط١، القاهرة، ص٢٥.

[4] عبد الرزاق الحسيني: تأريخ الأحزاب السياسية العراقية (١٩١٨-١٩٥٨)، ط١، بيروت، ١٩٩١، ص٢٨١-٢٨٢.

[5] حسن السعيد: نواطير الغرب، ص٤٦.

[6] عبد الرزاق الحسيني: تأريخ الأحزاب السياسية، ص٣٠٤.

تریشەوە (سەعدون حەمادی) کە لە(بیروت) خوێنکار بوو کەوتبووە ژێر کاریگەری بەعسیەکانو لە ساڵی (١٩٤٨)دا لە شاری (کەربەلا) شانەیەکی حزبی پێکهێنا[7].

یەکگرتنی هەردوولا سەرەتاو دەسپێکی دروستبوونی بەعسی عێراق بەرجەستەدەکات، لەیەکەم هەنگاوەوە (فائز ئیسماعیل) تا ساڵی (١٩٥٠) سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی کرد، پاشان (عەبدولڕەحمان زامن) بووە جێگری (فائز)و دوای یەك ساڵ دەستی لەکار کێشایەوەو (فوئاد رکابی) بووە لێپرسراوی بەعسی عێراق[8].

ڕێکخستنەکانی بەعس لە فراوانبووندا بوو بەجۆرێك لەساڵی (١٩٥٢)دا لەلایەن (سەرکردایەتی نەتەوەیی)وە وەك باڵێکی سەربەخۆو هەر بەناوی (حزبی بەعسی سۆسیالستی عەرەب)ەوە دانیپێدانرا، لەم کاتەدا ژمارەی ئەندامانی (٢٨٩) ئەندام بوو[9].

بەشداری حزبی بەعس بەناوی (بەعس)ەوە لەهیچ جوڵەو چالاکیەکدا بەدیناکرێت تا ئەو کاتەی ڕۆژنامەی (الأخبار)ی بەغداد بۆ یەکەمجار هەواڵی دامەزراندنی حزبێکی نهێنی بەناوی (بەعس)ەوە لەعێراق ڕاگەیاند[10].

لە ساڵی (١٩٥٤) یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی (حزبی بەعسی سۆسیالستی عەرەب – هەرێمی عێراق) بەسترا، ژمارەی ئەندامانی کۆنگرە (١٨–٢٠) ئەندام بوو، لەمیانەیدا (فوئاد رکابی) وەك ئەمیندارو (شەمسەدین کازم)و (فەیسڵ حەبیب)و (جەعفەر قاسم)و...هتد وەك ئەندامانی سەرکردایەتی هەڵبژێردران[11].

بەعس لێرەوە لەهەوڵی بەجەماوەری بووندا کەوتە چالاکی نواندنو لەڕاپەڕینی ساڵی (١٩٥٦) بەشداری کرد، هەر لەو ماوەیەدا لە موسڵو ڕومادیو هەندێ ناوچەی تر لەگەڵ جەماوەری ناسریدا زیاتر لێك نزیك بوونەوە، لە کۆتایی شوباتی (١٩٥٧)دا بەشداری لە (بەرەی نیشتمانی) کرد[12].

ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٦–١٩٥٧) سەردەمی شلۆقیو ناجێگیری بارودۆخی عێراق بوو، خۆپیشاندانە کرێکاریو خوێندکاریەکانو بزوتنەوە جوتیاریەکان لەئاستێکی فراواندا دەستیانپێکرد، لەبەرامبەردا داروەستەی پاشایەتی لەڕێگەی هەڵمەتەکانی گرتنو بەندکردنەوە ڕووبەڕووی ئەندامو لایەنگرانی هەر دیاردەیەکی نارەزاییو ئۆپۆزسیۆنێك دەبوونەوە، لەبەر ئەوە

---

[7] حنا بطاطو: العراق–الكتاب الثالث (الشيوعيون والبعثيون والضباط الأحرار)،ت: عقيف الرزاز،ط١، بيروت، ١٩٩٢،ص٤٧–٤٨.

[8] حسن السعيد: نواطير الغرب، ص٨٣–٨٤.

[9] حنا بطاطو: العراق–الكتاب الثالث، ص٤٨.

[10] حسن السعيد: نواطير الغرب، ص٩٥.

[11] م.ن، ص٨٧.

[12] هاني الفكيكي: أوكار الهزيمة (تجربتي في حزب البعث العراقي)، قم، ١٩٩٢،ص٦٨–٦٩؛ د. مظفر الأدهمي وآخرون: التأريخ الحديث والمعاصر للوطن العربي، بغداد، ط٢، ١٩٨٢، ص٢٧٧.

بیرۆکەی سازدانی کودەتای سەربازی لەلایەن کۆمەڵێك ئەفسەری سوپا کەخۆیان لەچوارچێوەی ڕێکخستنێکدا بەناوی (ئەفسەرانی ئازادیخوان) کۆکردبووەوە، سەریهەڵدا[13].

بەعسیەکان ئاگاداری ئەم ڕێکخستنە سەربازییەو خواستەکانی بوون، لەبەرئەوە پەیوەندییان پێوەکردن‌و بڕیاری هاوکاری‌و پاڵپشتی ئەفسەرانی ئازادیخوازیانداو لەبەرامبەردا بەڵێنیان پێدرابوو (فوئاد رکابی) یەکێك بێت لەوەزیرەکانی فەرمانڕەوایی کۆماری لەدواییدا، لە(١٤)ی تەموزی (١٩٥٨)دا شۆڕش دەستیپێکردو دەرەنجام کۆتایی بەپادشایەتی هات‌و (عەبدولکەریم قاسم) بووە یەکەمین سەرۆك وەزیرانی سستمی کۆماری وڵات‌و (عەبدولسەلام عارف)یش بووە جێگری[14].

پەیوەندی بەعس بەدەسەڵاتی قاسم زوو تێکچوو، چونکە قاسم نەبووە وەدیهێنەری خەونی بەعسیەکان کە یەککگرتن بوو لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەککگرتوودا، لەبەر ئەوە بەعسیەکان کەوتنە دژایەتی قاسم‌و پلانی تیرۆرکردنیان داڕشت‌و لە تشرینی دووەمی (١٩٥٩)دا لە (شەقامی رشید) بۆسەیەکیان بۆدانا و گولله بارانیان کرد، بەڵام قاسم بە برینداری ڕزگاری بوو، بۆیە لە شکستی ئەم هەوڵەی بەعسییەکان، پلانی بەرپاکردنی کودەتای سەربازی جارێکی تر لای بەعسییەکان گەڵاڵەبوو.

مێژووی حزبی بەعس لەعێراق دووجۆر لە دەسەڵات یان ئەزموونی فەرمانڕەواییمان پێدەناسێنێت، کەهەردوو ئەزموون دەرەنجامی هەوڵی کودەتایی بوون، ئەزموونی یەکەم لە ئەنجامی کودەتای (٨ی شوباتی ١٩٦٣)و لابردنی ڕژێمی (عەبدولکەریم قاسم) بوو، ئەزموونی دووەمیش لە(١٧-٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨)دابوو کە بۆ جارێکی تر دەسەڵاتیان گرتەوەدەست.

خوێندنەوەو هەڵوێستی بەعس بۆ کێشەو پێکهاتەی دیموگرافی عێراق‌و چارەسەری ئەم لایەنانە لەهەردوو ئەزموونی دەسەڵاتداریدا تاڕادەیەکی زۆر هاوشێوەو دووبارە بوونەوەی تێدایە، کەئەمەش ڕاستەوخۆ ئەنجامی ئەو فەلسەفەو ئایدۆلۆجیایەیە لەپێکهاتەی بیری سیاسی بەعسدا گەڵاڵەکراوە، بەتایبەتی لەداڕشتن‌و ئاوێتەکردنی ناسیۆنالیزم‌و سۆسیالیزمدا، لەبەرئەوە تێگەیشتن‌و خوێندنەوەی هەڵوێستە فیکری‌و سیاسیەکانی بەعس، پێویستی بەلەسەروەستان‌و خوێندنەوەی دیدو تێڕوانینەکانی بەعس هەیە، بۆ ئەوەی تیشك بخەینەسەر هەریەك لەناسیۆنالیزم‌و سۆسیالیزم‌و هۆکاری ئاوێتەکردنیان‌و کۆکردنەوەیان لە بۆتەیەکی دیاریکراودا.

---

[13] هاني الفكيكي: أوكار الهزيمة، ص٨٦؛ ليث عبد الحسين الزبيدي: ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق، بغداد،ط٢، ١٩٨١، ص٦٧؛ حسن السعيد: نواطير الغرب، ص١٠٣.

[14] هاني الفكيكي: أوكار الهزيمة، ص٨٥.

یەکەم- سۆسیالیزمی بەعس:

ئەکرێت سۆسیالیزم وەك پێکهاتێکی فیکری گشتگیر سەیربکرێت کە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان دەگرێتەوە، لێرەوە سۆسیالیزم بەوە پێناسە دەکرێت بریتییە لە "کۆمەڵێك چەمك کە لە ڕێگەی میتۆدێکەوە ڕێکدەخرێت بۆ ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری"، بڕوای تەواوی بە پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە، هاوکات بڕوای بە ئیرادەی شۆڕشگێڕی هەیە بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی دادپەروەر تاوەکو لەمیانەیدا یەکسانی تاکەکان فەراهەمدێتو هیچ جۆرە چەوساندنەوەیەك بوونی نامێنێت[١٥].

مێژووی سەرهەڵدانی بیرۆکەی سۆسیالیزم دەگەڕێتەوە بۆ ئەورووپاو دەرهاویشتەیەکی شۆڕشی پیشەسازییە[١٦]، پرەنسیپەکانی ئەم ئایدیایە کار بۆ فەراهەمهێنانو بەرجەستەکردنی سیستەمو ژینگەیەك دەکات، کە هەموو کردارێکی قۆرخکاریو چەوساندنەوەی مرۆڤ دژی مرۆڤ ڕەتدەکاتەوە، ئەمەش لەڕێگەی گۆڕینی دامودەزگاو دامەزراوە خاوەندارێتییەکانو هۆکارەکانی بەرهەمهێنان لە خاوەندارێتی تایبەتییەوە بۆ خاوەندارێتی گشتی، لەگەڵ هەوڵدان بۆ سازدانی بارودۆخێکی ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسی نوێ، کە تیایدا مرۆڤەکان هەست بەئازادیو خۆشگوزەرانی خۆیان بکەنو ڕووەو داهێنان هەنگاوبنێن[١٧].

سۆسیالیزم هیچ سنورێکی نەتەوەیی نابینێتو گشت مرۆڤەکان بەجیاوازی ڕەنگو دەنگو ڕەگەزیانەوە لەخۆدەگرێتو بانگەشەکانی گشتگیرو جیهانییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین پارتو ڕێکخراوی جیاجیا لەجیهاندا هەوڵیانداوە تەباییو هاوسەنگی لەنێوان ئەم بیرۆکەیەو بیری ناسیۆنالیزمدا بکەنو پێکهاتێکی فیکری نوێ بەرهەمبهێنن، کەلەمیانەیدا سیماو خواستە نەتەوەییەکان تێکەڵ بەپرەنسیپە سۆسیالستیەکان داکۆکیان لێبکرێتو بهێنرێنەدی، دیارترین ئەو پارتانە "نازییەکان لە ئەڵمانیاو فاشیەکانی ئیتاڵیا" بوون.

(حزبی بەعس)یش وەك پارتێکی سیاسی لەسەرەتاوە ئایدۆلۆجیایەکی نەتەوەیی هەبوو، پاشان سۆسیالیزمی کردە بنەمایەكو هاوشانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، دەستیکردە بانگەشەی سۆسیالیستانە.

ئەگەر سەرنجی سەرەتاکانی دامەزراندنی بەعس بدەین، دەبینین بەعسیەکان بەچاوی ڕێزو پێشەنگەوە بۆ نازییەکانی ئەڵمانیایان ڕوانیووەو زۆر دروشمو هەڵوێستی نازییەکانیان بەشێوازێکی سوننەتی وەرگرتووەو دوای بە عەرەبیکردنیان لەبەرنامەی خۆیاندا دایانڕشتۆتەوە، بۆ نموونە دروشمی "عەرەب لەسەروو هەمووانەوەیە"[١٨]، لەهەمان ئەو ووتەیەی (هیتلەر)

---

[15] مجموعة من مؤلفين: موسوعة الهلال الاشتراكية، دار الهلال، يوليو١٩٦٨، ص٣٦؛ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران: کورتە باسێك لەسەر سۆسیالیزم، گەلاوێژی١٣٦٢، ل٧.

[16] د.خاشع المعاضيدي و آخرون: دراسات في المجتمع العربي،ط١، جامعة بغداد،١٩٧٩،ص١٥٧.

[17] حزب البعث العربي الإشتراكي: المنهاج الثقافي، الكتاب الأول، ص١٠٥.

[18] محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب و الحركات القومية العربية،ج١، المركز العربي للدراسات الاستراتيجية، دمشق، بدون سنة الطبع، ص١٠٦.

وەرگیراوە کە دەڵێت: "ئەڵمانیا لەسەرووی هەمووانەوەیە"[19]، هەروەها داکۆکیکردن لەعیراق‌و گرنگی ئەم هەرێمە بۆ عەرەب، بەگرنگی (پرۆسیا) وێنادەکەن بۆ ئەڵمانیاو دەڵێن: "عیراق پرۆسیای عەرەبە"[20]. لێرەوە بایەخدانی بەعسیەکان بەنازییەکان، دەبێتە هۆکارێك بۆ پەنابردنە بەر بیرۆکەی سۆسیالیزم‌و دارشتنەوەی لەمیانەی ئایدیای ناسیۆنالیستیدا، یاخود سۆسیالیزم یەکێك لەو پێکهاتانەیە بەعسیەکان بەچاولێکەری نازیزم وەریانگرتووە.

گەر سەرنجی مێژووی حزبی بەعس بدەین دەبینین تا ساڵی (١٩٤٤) هیچ ئاماژەیەك بۆ سۆسیالیزم نەکراوە، بەڵام لە ساڵی (١٩٤٤)دا نامیلکەیەك بەناوی (القومية العربية وموقفها من الشيوعية) بڵاوکراوەتەوە، دواتر چەندین گوتارو نوسینی رەخنەگرانە لە بارەی شیوعیەکان‌و جیاوازییان لەگەڵ بنەماکانی سۆسیالیزم نوسراوە، بەڵام ئەم کارانە زیاتر بۆ دژایەتیکردنی شیوعیەکان بووە[21]، نەك وەك لێکۆڵینەوە لە تەرزەکانی سۆسیالیزم بە مەبەستی پیادەکردنی.

یەکەم کۆنگرەی بەعس (کۆنگرەی دامەزراندن) مشتومرێکی زۆر لەسەر پێکهاتەو ئایدۆلۆجیای حزب کرا، سۆسیالیزم یەکێك لەو لایەنانەبوو کە دانوساندن‌و جیاوازی لەسەر دروستبوو، چونکە بەشێك لە بەشداربووان پێیانوابوو: سۆسیالیزم دەبێتە هۆی لەکۆتدانی ئازادیەکانی تاکەکەس‌و سنوردارکردنی، هەروەها بروایانوابوو مەرج نییە هەموو خاوەنکارو سەرمایەدارێك کەسێکی چەوسێنەرو قۆرخکاربێت‌و کاری کرێکارەکان بخوات، بەڵکو زۆرجار لەوانەیە ئەم تاکە کەسە کەسێکی داهێنەربێت‌و دواجار ببێتە مایەی خێرو پەرەسەندنی وڵات، ئەم جۆرە سستمە جێگای ئەم جۆرە کەسانەش ناکاتەوە[22]، دیارە مەبەستیان لە ئازادی، ئازادی وەبەرهێنانە بە تێگەیشتنە بۆرجوازییەکەی، مەبەست لە کرداری قۆرخکاری، ئەو خاوەن کارگانەن کە رێژەیەکی زۆر قازانج لەسەر مافی کرێکارەوە بەدەستدەخەن[23].

ئەنجامی ناکۆکی‌و جیاوازیەکانی سۆسیالیزم، بووەهۆی ئەوەی ئەم چەمکە لەریزبەندی ناوی حزبدا بوونی نەبێت، بەڵکو تەنها لەبنەما گشتیەکانی دەستوردا ئاماژەی بۆبکرێت[24]، لێرەوە بەپێی دەستوری ساڵی (١٩٤٧) لە مادەی (٤) لە بنەما گشتییەکان، بەعس سۆسیالیزم بەهەڵقوڵاوی ناو ناخی ناسیۆنالیزمی عەرەب دەزانێت، بەسیستمێك دەیناسێنێت کە نەتەوەی عەرەب لەمیانەیدا تواناکانی دەهێنێتەدی‌و زیرەکی‌و لێهاتوویی بەباشترین شێواز

---

[19] وليام شيرر: تأريخ ألمانيا الهتلرية (نشأة وسقوط الرايخ الثالث)، تعريب: خيري حماد، بيروت-لبنان، دار الكتب العربي، ط٢، حزيران١٩٦٦، ص١٧٠.

[20] محمد جمال باروت: حركة القوميين العرب، ص١٠٦.

[21] شبلي العيسمي: حزب البعث العربي الأشتراكي (مرحلة النمو والتوسع ١٩٤٩ – ١٩٥٨)، ج٢، دار الشؤن العامة، بغداد ، ط٣، ١٩٨٧، ص١٥٢-١٥٣.

[22] محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب والحركات القومية العربية، ج١، ص٢١٨-٢١٩.

[23] المصدر نفسه، ص٢١٩.

[24] محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب والحركات القومية العربية، ج١، ص٢١٩.

بەرجەستەدەکات، هاوکات ئەم سستەمە هاندەرە بۆ ئەوەی نەتەوە گەشەبکات و بەرهەمە مادی و مەعنەویەکانی پەرەپێبدات و برایەتیەکی بەهێز لەنێوان تاکەکان فەراهەمبهێنێت[٢٥].

بەیەکگرتنی (بەعس) لەگەڵ (حزبی سۆسیالستی عەرەب) لەساڵی(١٩٥٣) ناوی (بەعس) بوو بە(حزبی بەعسی سۆسیالستی عەرەب)، ئەم یەکگرتنە هۆکارو هاندەری خۆی هەبوو، بەتایبەتی بەعسیەکان پێیانوابوو حزبەکەیان مۆڵگەی بیریارو رۆشنبیرانەو کەسانی سەربازو جێبەجێکاریان نییە، حزبی سۆسیالیستیش پێگەیەکی سیاسی هەیەو زۆرینەی ئەندامانی لەچینی جوتیارو چەوساوەن، بەتێکەڵکردنی ئەم دوو پارتە ئەو میکانیزمە شیاوە پێکدێت کەخەونەکان بەدیدەهێنێت[٢٦].

بەم جۆرە بەعسیەکان شانازی بە ئەو هەنگاوە دەکەن کە بوونە ئەو داهێنەرەی لەدونیای فکری عەرەبدا بیرۆکەی سۆسیالیزم و شۆرشگێرییان ئاوێتەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبی کردووەو لەم مەیدانەدا تێکۆشاون[٢٧].

(عەفلەق) دەڵێت: "لەنێوان نەتەوایەتی و سۆسیالیزمی ئێمەدا، هاومانایی و ئاوێتەبوون و کارلێکردن هەیە، چەمکێك نییە بەجیا پێیبوترێت نەتەوایەتی یان سۆسیالیزم، بەڵکو ئەم دوو چەمکە کۆدەکەینەوە بۆ ئەوەی بگەینە پێکهاتێکی نوێی نەتەوایەتی، ئەم نەتەوایەتییە لەبوونی خۆیدا سۆسیالیزمە، ئەگەر سۆسیالیزمی لێجیابکرێتەوە نەتەوایەتیش بوونی نامێنێت"[٢٨].

ئەم نەتەوایەتیەی بەعس لێرەوە هێندە فراوان دەبێت کە سۆسیالیزم وەك بەشێك لەخۆدەگرێت، دواجار نەتەوایەتیەکەی بەعس سیفەتی زاڵێتی وەردەگرێت، بەڵام بەجۆرێك مانا بۆ سۆسیالیزمەکەش دەهێڵێتەوەو بوونی دەسەلمێنێت.

ئەو سۆسیالیزمەی بەعس جەختی لەسەردەکاتەوە، سیماو تایبەتمەندی خۆی هەیەو لە سۆسیالیزمی وڵاتانی تر ناچێت، سۆسیالیزمی بەعس وەك خۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن (سۆسیالیزمێکی عەرەبی)یە[٢٩] و لەخزمەت نەتەوەی عەرەبدایە، لەبەرئەوە کاتێك بەعس سۆسیالیزم دەکاتە یەکێك لەو سێ ئامانجە سەرەکیەی بانگەشەی بۆ دەکات (یەکێتی- ئازادی- سۆسیالیزم)، هیچ کات لە دیدی بەعسدا (سۆسیالیزم) کە بنەمای نەتەوایەتی دەبەزێنێت و ململانێی چینایەتی لەخۆدەگرێت، لەگەڵ یەکێتی خاك و نەتەوەی عەرەب و ئازادکردنی لەدەست بێگانەو داگیرکەران دژنایەتەوە.

---

25 شبلي العيسمي: حزب البعث العربي الإشتراكي، ص١٦٤-١٦٥.

26 محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب والحركات القومية العربية، ج١، ص٢٢٧.

27 حزب البعث العربي الإشتراكي- القيادة القومية: بعض المنطلقات النضرية التي أقرها المؤتمر القومي السادس في تشرين الأول١٩٦٣، دار الحرية- بغداد، ١٩٧٢، ص٧٧؛ د. خاشع المعاضيدي وأخرون: دراسات في المجتمع العربي، ص١٥٨.

28 محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب والحركات القومية العربية، ج١، ص٢٦٣.

29 حزب البعث العربي الإشتراكي- القيادة القومية: بعض المنطلقات النضرية التي، ص٧٩.

لەبەرئەوە سۆسیالیزمی بەعسی خاوەنی چەند خەسڵەتێکە یاخود هەڵگری کۆمەڵێك جیاوکی تایبەتە کە لەسۆسیالیزمی پارتو گروپێکی تردا نادۆزرێتەوە، بۆیە هەندێك لەو لایەنانە دەخەینەڕوو کە سۆسیالیزمی بەعسی پێ جیادەکرێتەوە:

١- سۆسیالیزمی بەعس زیاتر ڕێبازێکی ئابوورییە، نەك ڕێبازێك هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان بگرێتەوە، (عەفلەق) کاتێك دەڵێت: "سۆسیالیزم هەمیشە مانای خۆماڵیکردنی ئۆرگان (مرافق)ە گشتییەکانو پیشەسازییە گەورەکانە، هەروەك چۆن مانای دابەشکردنی دادپەروەرانەی زەویو سەرپەرشتیکردنی دەوڵەت دەگەیەنێت بۆ بازرگانی ناوخۆو دەرەوە"[٣٠] زیاتر ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێت، لێرەوە بەعس سۆسیالیزمی عەرەبی بەسۆسیالیزمێکی گونجاو دەزانێت بۆ بارودۆخو پێویستییەکانی کۆمەڵگەی عەرەبیو پەیوەستی دەکات بە لایەنی نەتەوەیی عەرەبەوە[٣١].

ئەمەش وادەکات ئەو سۆسیالیزمەی بەعس پەیڕەوی دەکات، ڕێبازێکی ئازادبێتو پابەندی هیچ جۆرە یاسایەکی ئابووریو مێژوویی یان میتۆدێکی فەلسەفی نەبێت.

٢- بەعس لەسەرەتاوە هەوڵئەدات ئەو سۆسیالیزمەی بانگەشەی بۆ دەکات، بەرگێکی بکاتەبەر بەگوزارشتی خۆیان عەرەبی بێتو سیما نەتەوەییەکانی عەرەب نەك هەر بپارێزرێت بەڵکو بەهێزیان بکات، بەڵام ئەم هەنگاوەی بەعسیەکان بەجۆرێك بوو هەوڵی گۆڕینی ماناو تێگەیشتنی چەمكو زاراوە سۆسیالیستییەکان بدات، ئەمەش هەوڵێکی تری بەعس بوو بۆ ئەوەی سۆسیالیزمەکەی خۆی لەو سۆسیالیزمە جیابکاتەوە کە شیوعیەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، بۆ نموونە لەشوێنی ووشەکانی (النضال- الجهاد- الطبقة العاملة) ووشەی (الكفاح، الشغيلة) یان بەکارهێناوە، یان زۆرتر (الجماهير الكادحة والطبقات الشعبية)یان بە مانای (الطبقة العاملة) بەکارهێناوە[٣٢].

لەهەمانکاتدا هەریەك لەو چەمكو زاراوانەی بەعس هەڵیبژاردوون، تێگەیشتنێکی تایبەتیان هەیەو ڕاڤەیەکی بەعسیانەی بۆکراوە، (شعب - گەل) لای بەعس گوزارشت لەهەموو تاکەکانی نەتەوەی عەرەب دەکات بەجوتیارو کرێکارو بازرگانو پیشەگەرو کارمەندە بچووکەکانەوە، تەنها ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە قۆرخکارن، قۆرخکار (المستغل) لای بەعس ئەو کەسانەن بەپاڵپشتی داگیرکەران لەهەوڵی پارچە پارچەکردنی کۆمەڵگەدان، ئەمانە بەبۆچوونی بەعس پێویستە زۆر بە توندی دژایەتیان بکرێت[٣٣]، ئەم لایەنە گوزارشتێکی تری بەعسیەکانمان بۆ ڕووندەکاتەوە کاتێك دەڵێن: "خاوەن بەرژەوەندییە مادیو مەعنەویەکان لە فەرمانڕەواکانو هەموو ئەوانەی بوونەتە لەمپەر لەبەردەم بەدیهاتنی یەکێتیو یەکڕیزی نەتەوەیی، پێویستە گەل زۆر بەتوندیو

---

30 محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب والحركات القومية العربية، ج١، ص٢٦٦.

31 المصدر نفسه، ص٢٦٥.

32 شبلي العيسمي: حزب البعث العربي الإشتراكي، ص١٦٧-١٦٨.

33 المصدر نفسه، ص١٦٨.

یەکلاکەرەوەیی خەبات لەدژیان بەرپابکات، ئەم خەباتە لەچاو تێبڕینی گەلەوەنییە بۆماڵو سامانی ئەو خەڵکانە، بەڵکو لەبەر خۆشەویستی ژیانێکە کە ئەمان لەبەردەم گەشەکردنو پێشکەوتنییدا بوونەتە لەمپەر"[34].

واتە ململانێی چینایەتی لەم کاتەدا سەرەڕای ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکەی، ڕەهەندێکی نەتەوەیی بەخۆی دەبەخشێت، لەبەرئەوە لە ڕیزبەندی ئامانجەکانی بەعسدا ئاراستەی خەبات لەدژی چینە قۆرخکارەکان نییە، بەڵکو ڕاستەوخۆ دژی هێزە داگیرکارەکانە کەپاڵپشتی هێزە قۆرخکارەکان دەکەن"[35].

ئەمانەو چەندان چەمکی تر، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە ئەو چەمکو زاراوە سۆسیالیزمانەی بەعس پێناسەی کردونەتەوە ماناکانیان ڕوونو دیاریکراو نین، بەڵکو چۆن لەبەرژەوەندی خۆیاندا بووبێتو سەرنجی خەڵکی ڕاکێشابێت بەو شێوازە گوزارشتیان لێداوە.

٣- پراکتیزەبوونی سۆسیالیزم لەدیدی بەعسدا، پەیوەستە بە بەدیهاتنی یەکێتی عەرەبییەوە، واتە سۆسیالیستی بوونی هەرێمێك یان وڵاتێکی عەرەبی بەسۆسیالیزمێکی ناکاملو کەموکوڕ دەزانێت، لەبەرئەوە بەعس بۆ بەدیهاتنی ئەم خەونەی بەپێویستی دەزانێت هەوڵبدرێت گشت سنورو بەربەستە دەستکردەکان بشکێنرێنو نیشتمانی عەرەبی لەداگیرکەران پاکبکرێتەوە[36]، چونکە یەکگرتنەوەی هەرێمە عەرەبیەکان مانای یەکگرتنەوەی ووزەو تواناکانی گەلو داهاتو سامانە سروشتیو پیشەسازییەکانی عەرەب دەگەیەنێت[37]، لێرەوە بەتێڕوانینی بەعس ئەو زەمینە سازیە فەراهەمدێتو پراکتیزەدەبێت.

هاوکات لەگەڵ گرنگی یەکێتی عەرەبی بۆ پیادەبوونی سۆسیالیزم، بەعس پێیوایە سۆسیالیزمیش بنەمایەکی سەرەکییە بۆ پێکهاتنی ئەم یەکێتییەو بە نەمانی سۆسیالیزم یەکێتی عەرەبی بوونی نامێنێت[38].

٤- سۆسیالیزمی بەعس سۆسیالیزمی شیوعیەکان بەدژی خۆی دەزانێتو پێیوایە شیوعیەکان فێڵبازو ڕوخێنەرن، عەفلەق لەوتارێکیدا نوسیویەتی: "شیوعیەکان ڕەتدەکەینەوە لەبەرئەوەی بەنێگەتیڤ دەیانبینینو هەوڵی لەناوبردنی کەسێتی نەتەوەیی عەرەب دەدەن"[39].

---

[34] محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب والحركات القومية العربية، ج١، ص٢٦٧.

[35] حزب البعث العربي الإشتراكي: المنهاج الثقافي، الكتاب الأول، ص١٠٨.

[36] محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب والحركات القومية العربية، ج١، ص٢٦٨.

[37] حزب البعث العربي الإشتراكي: المنهاج الثقافي المركزي، الكتاب الثاني، دار الحرية- بغداد، ط١، ١٩٨٧، ص١٥٦.

[38] المصدر نفسه والصفحة.

[39] محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب والحركات القومية العربية، ج١، ص٢٦٩.

بەمجۆرە بەعسیەکان هەوڵئەدەن بەتایبەتی لەتێگەیشتن لەبیری نەتەوەییو تیۆری مادی بۆ ڕاڤەکردنی سۆسیالیزمو پەیوەندی بەنەتەوایەتیەوە، هەروەها لەجەختکردن لەسەر لایەنە ڕوحیو مەعنەویەکانو سەربەخۆییو تایبەتمەندییەکانی عەرەب، خۆیان لەمارکسیزم جیابکەنەوە(٤٠).

٥- سۆسیالیزمی بەعس ڕەچاوی چالاکییە تایبەتیەکان دەکات کەتاک لەکۆمەڵگەدا ئەنجامی دەدات، بەمەرجێك ملکەچی یاساکانی پەرەسەندنی سۆسیالیزم بێت، لەبەرئەوە خاوەندارێتی تایبەتی ڕەتناکاتەوە ئەگەر ماکی قۆرخکاری نەبێت، بەڵکو بە مافێکی سروشتی تاکی دەزانێت(٤١).

لێرەوە ئەو دەوڵەتە سۆسیالستیەی بەعس هەوڵی بونیاتنانی دەدات مسۆگەری پاراستنی مافەکانی تاکەو بەربەستە لەبەردەم هەموو کردارێکی قۆرخکاری، هەروەها داهاتو سامانە نەتەوەییەکان بەیەکسانی لەنێوان تاکەکانی نەتەوەی عەرەبدا دابەشدەکات، بەجۆرێك گوزەرانی ڕۆژانەیان مسۆگەرو دابینبکات(٤٢).

بەمجۆرە سۆسیالیزمی بەعس سیماو خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، تێگەیشتنی بەعس لە سۆسیالیزمو ڕاڤەکردنی چەمکەکانی جیاوازییەکی زۆری لەڕاڤەی مارکس هەیە بۆ سۆسیالیزم. هەوڵدەدات چەمكو پێناسەکان، تەنانەت فۆرمی ئەو چەمکانە لە مانا ڕەسەنەکانیان دابڕنێتو لەدیدێکی ناسیۆنالستانەوە پێناسەی بەعسیانەی بۆ دابڕێژێت، بەجۆرێك ببێتە میکانیزمێك بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی حزبو بەدیهێنانی خەونەکانیان.

سۆسیالیزمی بەعس ڕووبەڕووی زۆر ڕەخنەی جۆراوجۆر بۆتەوە، هەوڵدراوە لەڕێگەی ئەم ڕەخنانەوە خاڵە ناکۆكو دژیەکەکانی ناو ئایدۆلۆجیای بەعسیزم دیاری بکرێتو تیشکی بخرێتە سەر.

خاڵی دژ لە سۆسیالیزمی بەعسدا لەپیرۆزکردنی خاوەندارێتی تایبەتی لەلایەك، هاوکات پێشنیاری سستمێکی سۆسیالیستی بۆ کۆمەڵگەو هەوڵدان بۆ پیادەکردنی ئەگەر بەزۆریش بێت لەلایەکی ترەوە سەر هەڵدەدات، چونکە ئەم جۆرە سستمە لەگەڵ ئازادییە تاکەکەسیەکاندا نایەتەوە.

بەعسیەکان خاوەندارێتی تایبەتی بەهاندەرێکی خۆیی (ذاتي) دەزانن بۆ چالاکیە ئابووریەکان، لەکاتێکدا واقیع پیشانماندەدات خاوەن چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان خەڵکانێکن خاوەندارنین: زانایان، ئەدیبەکان، خوێندکاران، فەرمانبەران، ...هتد(٤٣).

هەروەها سروشتی ناسیۆنالی بەعس بەردەوام هەیمەنەی لەسەر لایەنە سۆسیالستیەکەی کردووە(٤٤)، سەرەڕای ئەمانە زۆر ڕەخنەی تر لەسۆسیالیزمی بەعسدا دەدۆزرێتەوە، بەتایبەتی

---

40 شبلي العيسمي: حزب البعث العربي الإشتراكي، ص١٨٤.

41 حزب البعث العربي الإشتراكي: المنهاج الثقافي، الكتاب الأول، ص١١٠.

42 المصدر نفسه، ص١١١.

43 محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب والحركات القومية العربية، ج١، ص٢٢٣.

44 المصدر نفسه، ص٢٢٦.

لەشێواندنی چەمکەکانو گۆڕینی مانا ڕەسەنەکانیان، هەروەها لیڵیو شاراوەیی ئەو سۆسیالیزمەی بەعس بانگەشەی بۆ دەکات.

لەلایەکی ترەوە، ئەو پەیوەندییە دوولایەنەی بەعس لەنێوان دروشمەکانیدا بنیاتیدەنێت ڕوون ناکرێتەوە، بەتایبەتی کاتێك سۆسیالیزم دەکاتە بنەمای بەرجەستەبوونی ئازادیو یەکێتی خاکی عەرەب، لەهەمان کاتدا ئازادیو یەکێتی دەکاتەوە بەدوو بنەمای گرنگی بەدیهاتنی سۆسیالیزمی عەرەبی، بەڵام ڕایەڵەکانی ئەم پەیوەندییەو شوێنی هەریەك لەم چەمکانەمان بۆ دیاری ناکات لە بەرامبەرەکەیدا.

هەروەها خاڵێکی تری بواری سۆسیالیزمی بەعس، بریتییە لەوە کە بەپێی قۆناغو زۆرجار کەسەکان تێگەیشتنیان بۆ ئەم چەمکە گۆڕاوە، یان لەکاتی دابەشبوونی بەعسو جیابوونەوەی باڵە ناکۆکەکان هەڵوێستیان گۆڕیوە.

دووەم – ناسیۆنالیزمی بەعس:

نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، قۆناغی گەشەکردنی بیری نەتەوەیی نەتەوە ژێردەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو، ئەم نەتەوانە هەریەك بەجۆرێكو لەژێر کاریگەری جۆراوجۆرداو بەمەبەستی بەهێزکردنی هۆشیاری نەتەوەیی تاکەکانیان، کەوتنە پێکهێنانی پارتو ڕێکخراوی نهێنی.

مێژووی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم سەردەمە، لەم ماوەیەدا چەندین پارتو ڕێکخراوی نەتەوەییان پێکهێنا، لەوانە ڕێکخراوی (منتدى الأدبي) یان بەنهێنی لەساڵی (١٨٤٧)دا دروستکردو وەك یەکەم هەوڵی عەرەبی لەم مەیدانەدا بەرجەستەبوو[٤٥].

ناسیۆنالیزمی عەرەبی، هاوشێوەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی تر، لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم پەرەسەندنو خەمڵینی زیاتری بەخۆوەبینی، بەتایبەتی پاش گەڕانەوەی چەند کەسایەتیەکی عەرەب لەهەندەرانەوە ئەم دیاردەیە زیاتر ئاشکرا بوو، دیارترین کەسانێك لەم بوارەدا ئاماژەیان بۆ بکرێت، بەتایبەتی لەچلەکلنی سەدەی بیستو دواتردا (ناسیف یازجی، بوتروس بوستانی، قوستەنتین زەریق، میشیل عەفلەق، سەلاحەدین بەیتار) بوون[٤٦].

ناسیۆنالیزمی بەعس لەپێشو کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، زیاتر لەهەوڵی خۆناساندنو بەجەماوەری بووندا بووە، دروشمەکانی بەپێی بارودۆخەکەیان –کە بەشێکی زۆری وڵاتە عەرەبیەکان لەژێر منداتی وڵاتانی ئەوروپیو ڕۆژئاواییدا بوون– ڕزگاریخوازانەو ئازادی بووە، هاوکات لەدەرەنجامی تەوژمی سۆسیالیستانەی جیهانیو بڵاوبوونەوەی لە ناوچەکەدا، ناسیۆنالیزمی عەرەبی خەباتی دژی ئیمپریالیزمو داگیرکەران دەستپێکردووە.

---

[45] أحمد حسين يعقوب: طبيعة الأحزاب السياسية العربية، ص٥٧ –٥٨.

[46] المصدر نفسه، ص٦٥ ومابعدها؛ ·ـير الخليل: جمهورية الخوف (عراق صدام)، ط١، القاهرة، ص٢٤٠.

پێکهاتەی ئایدۆلۆجیای بەعسیزم، دەرەنجامی بەشێك لەم هێزو بارودۆخەی بەسەرەوە بوو، بەڵام تێڕوانینو بانگەشەکانی بەعس لەبواری نەتەوەییدا سیماو خەسڵەتێکی تایبەتی پێدراوە، کە جیاوازیەکی دیاری لەگەڵ ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی ئەو سەردەمەی دنیای عەرەبیدا هەبوو. تێگەیشتنی بەعس بۆ چەمکەکانی (نەتەوە-نەتەوایەتی (ناسیۆنالیزم)- دەوڵەتی نەتەوەیی)و بنەمای هەریەك لەم چەمکانە، تێگەیشتنێکە لە دیدگای تردا بەهەمان مانا نادۆزرێنەوە.

ئەم تێگەیشتنەی بەعس بۆ چەمکە نەتەوەییەکان زۆر جار لەتوندڕەویەوە سەری دەرهێناوە، بەجۆرێك کۆمەڵێك دروشمو بانگەشەی نازیانەو فاشیانەیان کردۆتە بڕواو ڕێبازی فیکری[(٤٧)]، بۆ نمونە گوزارشتی (العروبة فوق الجميع) و (البعث ديیني والعروبة مذهبي) یان ووتەی شاعیر کاتێك دەڵێت:

آمنت بالبعث ربّاً لاشريك له وبالعروبة ديناً ماله ثان

لەسەرەتاوە (بەعس) تێڕوانینو دیدگای تایبەتی بۆ (نەتەوە-الأمة)ی عەرەبی هەیە، (عەفلەق) نەتەوەی عەرەب بەنەتەوەیەکی زۆر دێرین دەبینێتو دەڵێت: "ئەم نەتەوەیە؛ کە هەنووکە لەڕاپەڕینو بێداربوونەوەدایە، لەدایکبووی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو پێش هەزاران ساڵ هەبووە، یەکێتیو ڕەسەنایەتیو ڕەگەز دیارترین خەسڵەتەکانی بوون، کە بەزمانی ستانداروو مێژووو کەلتوری هاوبەش گۆشبووە"[(٤٨)].

ئەم پێناسەیەی بەعس بۆ نەتەوەی عەرەب، بڕیاردانە لەبەعەرەبکردنی هەموو ئەو ڕەگەزو نەتەوە جیاوازانەی لەو خاکەدا ژیاون کە ئێستا بە نیشتمانی عەرەب ناو دەبرێت، واتە بەعەرەبکردنی بابلیو سۆمەریو فیرعەونیو... هتد، بەمانایەکی تر ئەم تێگەیشتنەی بەعس بۆ (نەتەوە) هاوتا لەگەڵ پێناسەی (گەل- شعب) دێتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەعەرەبکردنی نەتەوە کۆنەکان، بەعەرەبکردنی ئەو ژیاریو شارستانیەتە کۆنانە دەگرێتەوە کە لەلایەن ئەم نەتەوانەوە بنیاتنراوە.

ئەم تێگەیشتنەی بەعس دواتر جۆرێك لەگۆڕانکاری بەسەردا دێتو نەتەوە بەو کۆمەڵو چینە شۆڕشگێڕانە لەقەڵەم دەدات کە بوونەتە کەرەستەی شۆڕش، واتە ئەو جەماوەرە بەڕێکخراوو ڕەشۆکییەوە بناغەی شۆڕش پێکدەهێنن[(٤٩)].

ئەم پێناسەیە بەهەمان شێوە خۆی لەپێناسەی (گەل)دا دەبینێتەوە، ڕەگەزی سەرەکی بۆ ئینتیمای تاك بەنەتەوەی عەرەب بەشداربوونیەتی لەڕیزە شۆڕشگێڕییەکان.

بەعسیەکان لە سەرەتاوە هەوڵیانداوە جیاوازی لە نێوان دوو لایەندا بکەن (بیری نەتەوەیی- فكرة القومية) لەبەرامبەردا (تیۆری نەتەوەیی-النظرية القومية)، (عەفلەق) دەڵێت: "بیری نەتەوەیی{مەبەست بیری نەتەوەیی عەرەبییە} خۆی لەخۆیدا بوونێکی بەڵگەنەویستو نەمرە، ئەندازەیەکە لەخۆشەویستی، چونکە بیری نەتەوەیی پێش هەمووشتێك خۆشەویستییە، بەڵام

---

47 حسن السعيد: نواطير الغرب، ص٣٧.

48 مشيل عفلق: في سبيل البعث، ص٩٨.

49 سمير الخليل: جمهورية الخوف (الكاملة)، ص٣٦٧.

تیۆری نەتەوەیی عەرەبی پێویستی بەدروستبوون و پێکهاتن هەیە، لە کاتێکدا بیری نەتەوەیی تەنها پێویستی بەبوژاندنەوە و زیندووکردنەوە هەیە"[٥٠].

لێرەوە عەفلەق (نەتەوە) بەو (بیر- فکرة)ە لەقەڵەمدەدات کەبەدرێژایی مێژوو بەڵگەنەویست و نەمرە، سروشتێکی خۆرسکی هەیەو پێویستە ئەم سروشتە هانبدرێت و تۆخبکرێتەوە، بەڵام چۆنیەتی کارکردن و میکانیزمی ڕێکخستن و هاندانی ئەم (بیر)ە لای عەفلەق، پێویستی بەدروستکردن و داڕشتن هەیەو خۆی لە (تیۆری نەتەوەیی عەرەبی)دا دەبینێتەوە.

ئەم تێگەیشتنەی بەعس بۆ (نەتەوە- الأمة) بەمانای (گەل- شعب) دواجار لەپرنسیپە گشتییەکانی حزبدا بەرجەستەبووە، بۆ نموونە لە مادەی (١٠)دا بەم جۆرە گوزارشت لەتاکی عەرەبی دەکات: "عەرەب ئەو کەسەیە زمانی عەرەبی بێت و لەخاکی عەرەبیدا بژی و پەرە بەگوزەرانی بدات و بڕوای بەعەرەببوونی ڕەچەڵەکی خۆی هێنابێت"[٥١].

لەم دەقەوە فراوانی سنوری نەتەوەی عەرەب و بنەماکانی نەتەوەی عەرەب داڕێژراوە، مەرجی ئینتیما بۆ نەتەوەی عەرەب ڕەگەزو خوێن نییە، بەڵکو ئەم لایەنە دراوەتە دەست خواستی تاک، واتە ئەکرێت فارسێك یان تورك یان هەرنەتەوەیەکی تر بڕیار لەبەعەرەب بوونی خۆی بدات، ئەگەر لەخاکی عەرەبدا بژی و بتوانێت بەزمانی عەرەبی بدوێت[٥٢]، لێرەوە زیاتر مەبەستی (عەفلەق) ڕووندەبێتەوە کاتێك دەڵێت: "نەتەوایەتی عەرەبی لەسەر بنەمای ڕەگەزو خوێن بنیاتنەنراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای مێژووو کەلتوری هاوبەش و زمان و بەرژەوەندی هاوبەش بنیاتنراوە، هەروەها لەبەرگریکردن لەیەك خاك و نیشتمان و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی داهاتویەکدا خۆی بەرجەستە دەکات"[٥٣].

سەبارەت بەتێگەیشتنی بەعس بۆ تیۆری نەتەوەیی، ئەکرێت بڵێین بەعس پێناسەیەکی دیاری نییە، ناوەرۆك و مانای ئەم چەمکەش بەپێی بارودۆخ و کێشەکان گۆڕاوە، لەبەرئەوە بەعس گوزارشتدان لەبنەما نەتەوەییەکان و دیاریکردنی میکانیزمی خەبات بەپراکتیزەکردنی ئەو تیۆرە دەبینێت، دروشمەکانی (یەکێتی، ئازادی، سۆسیالیزم)و ڕایەڵەکردنیان بەیەکترییەوە بە ئەو میکانیزمە گونجاوە لەقەڵەمدەدات[٥٤].

(عەفلەق) دەخوازێت بیری نەتەوەیی عەرەبی نەبێتە مەعریفەیەکی تیۆری ئەبستراکت و داماڵراو لەگشت سۆزو هەستێك، لێرەوە هەوڵدەدات لەچوارچێوەیەکی ڕەخنە ئامێزدا باس لە (ساتع حوسەری و قوستەنتین زەریق) بکات و دەڵێت: "ئەترسم نیشتمانپەروەری و گیانی نەتەوە پەروەری لەئێمەدا ببێتە مەعریفەیەکی لۆجیکی و گوزارشتی سەرزارەکی، وامان لێبکات هەست و سۆزمان

---

[50] محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب والحركات القومية العربية، ج١، ص٢٤٠-٢٤١.

[51] د. إلياس فرح: تطور الأيدولوجيا العربية المعاصرة (الفكر القومي)، ص٤٨؛ بدر الدين مدثر: البعث ومسألة الجنوب في السودان، مجلة (آفاق عربية)، السنة الثالثة، العدد (٨)نيسان١٩٧٨، ص١٣.

[52] منشورات مديرية الثقافة: المسار الإنساني للبعث، مطبعة جامعة الموصل، ص٢٩-٣٠.

[53] بدر الدين مدثر: البعث ومسألة الجنوب، آفاق عربية، ص١٤.

[54] حزب البعث العربي الأشتراكي: المنهاج الثقافي المركزي، الكتاب الثاني، ص١٢٦-١٢٧.

بەرەو ساردبوونەوە ببات، بەجۆرێك هەندێك لەبیریارەکانمان ئاستی پەیوەستەگیو بڕوایان بەنەتەوایەتی لەڕێژەی پابەندبوونو بەهێزی پێناسەکانیاندا دەبینین، لەکاتێکدا بڕواهێنان بەنەتەوایەتی پێش مەعریفە دەکەوێتو پێناسەی بۆ دەکات"[٥٥].

بەمجۆرە دەبینین، بەعس هەوڵدەدات جیاوازی لەنێوان دوو چەمکی (تیۆری نەتەوەیی)و (بیری نەتەوەیی) عەرەبیدا بکات، دواجار بڕیار بدات (نەتەوە): "کۆمەڵێکی ژمارەیی تاکەکان نییە، بەڵکو بیرێکە لەم کۆمەڵەدا یان بەشێکی ئەم کۆمەڵەدا بەرجەستە دەبێت، نەتەوە بەکەمبوونەوەی ژمارەی تاکەکانی کەمناکات، بەڵکو بە لاوازبوونی بیر کەم دەکاتو لاواز دەبێت، پیرۆزی ژمارەی تاکەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ناوەندی بەرجەستەبوونی بیری نەتەوەییە، چونکە بیر وەك تۆوێك لەناخی گشت تاکێکی ئەم نەتەوەیە بوونی هەیە"[٥٦].

بەعس لێرەوە هەوڵیدا ناسیۆنالزمەکەی پێناسە بکاتو تیۆریزەی بکاتەوە، هاوکات ئەو قۆناغانە دیاری بکات کە ئەم ناسیۆنالیزمە پیایدا تێدەپەڕێتو گەشەدەکات.

لە پێناسەی نەتەوایەتیدا (عەفلەق) دەڵێت: "نەتەوایەتی ئێمە بەر لەهەموو شتێك خۆشەویستییە"[٥٧]. ئەم گوزارشتە لەڕووە مرۆڤ دۆستیەکەیەوە، وێنەیەکی جوان دەنوێنێتو مافی سروشتی هەر تاکێکە نەتەوەکەی خۆش بوێتو هەوڵبدات لەبواری ژیاریو شارستانێتیو کەلتورییدا بیکاتە پێشەنگو پێشڕەوی مرۆڤایەتی.

بەڵام دواتر ئەم پێناسەیەمان زیاتر بۆ ڕووندەکاتەوەو دەڵێت: "ئەو کەسەی خۆشەویستی دەکات لەهۆکاری ئەو خۆشەویستییە ناپرسێت، ئەگەر بیەوێت بپرسێت ئەوا شتێك نادۆزێتەوە پرسیاری لێبکات، ئەو کەسەی نەتوانێت بەبێ بوونی هاندەرو هۆکارێکی ئاشکرا خۆشەویستی بکات، خۆشەویستییەکەی لە ناخیدا دەمرێت"[٥٨]، بەم شێوەیە ئەو خۆشەویستییەی (عەفلەق) باسی دەکات بەمانا مرۆییو جوانەکەی نییە، بەڵکو ئەم خۆشەویستییە وەڵامێکە لەلایەن بەعسەوە بۆ هەر کەسێك پرسیار لەڕەفتارو هەڵوێستەکانی بکات، کوێرکردنی تاکی عەرەبە لە بەرامبەر گرتنەبەری هەر میکانیزمێکی شیاوو نەشیاو لە پێناو پاراستنو باڵابوونی نەتەوەدا.

ئەم بیرکردنەوەیە لەئاستێکدایە پرسیار لە مەشروعو نامەشروع بوونی هیچ هەڵوێستو پلانێك ناکات لە پێناو بەرجەستەکردنی ئامانجەکاندا، هاوکات ترسی پرسیارکردن دەخاتە ناو دڵی تاکەکانی نەتەوە، چونکە هەر خۆشەویستیەك بە هۆکاربێت سەرەنجامی مردنو لەناوچوون دەبێت.

لەبەرئەوە خۆشەویستی پێشەنگە[٥٩]، دواتر دەبێتە سەرچاوە بۆ دیاریکردنی پێناسەو بنەماکانو داڕشتنی مەعریفەیەکی نەتەوەیی، ئەم هەڵوێستەی (عەفلەق) بەجۆرێك لەجۆرەکان سروشتی لەئایینی مەسیحی وەرگرتووە بۆ مەبەستێکی دنیایی، کە هیچ بیریارێکی تری عەرەب

---

[55] سمير الخليل: جمهورية الخوف (الكاملة)، ص٢٩٤.

[56] محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب والحركات القومية العربية، ج١، ص٢٤١.

[57] مشيل عفلق: في سبيل البعث، ط١٩، ص٩٨.

[58] سمير الخليل: جمهورية الخوف (الكاملة)، ص٢٩٤.

[59] سمير الخليل: جمهورية الخوف (الكاملة)، ص٢٩٥.

ئەنجامی نەداوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بە عەقیدەکردنی ئەم ڕێبازەیەو داڕشتنەوەیەتی لە چوارچێوەی ئایینێکی نوێدا[٦٠].

بەعس هەوڵئەدات ئەم خۆشەویشتیە بکاتە بناغە بۆ دروستبوونی ئەو هەستەی دواتر بە (ڕوحی عەرەبی) ناوی دەبات و بەدیهێنەری بیروباوەڕێکی نەتەوەییە لە تاکەکاندا، لەم قۆناغەدا (عەفلەق) دەنوسێت: "ئێمە نمایندەو نمایشی ڕوحی عەرەبی دەکەین"[٦١].

بەم جۆرە بیروباوەڕی نەتەوەیی لای بەعس بەسێ قۆناغ گەشەدەکات و کامڵ دەبێت، لەسەرەتاوە (خۆشەویستی)ە، ئەم خۆشەویستییە لای بەعس وەڵامی گشت پرسیارەکانی تاك دەداتەوە، دواجار ڕوحێکی عەرەبی بەتاکەکان دەبەخشێت، ئەم ڕوحە ئەو سەنگی پێوانە کردنەیە کە گشت دیاردەو شتەکانی پێ دەخوێنرێتەوە، دواتر دەبێتە خوڵقێنەری بیروباوەڕێکی بەهێزی نەتەوەیی، چونکە ئەم ڕوحە چەمکێکی هەمەلایەن دەگرێتەوە، ڕوحی مێژوویی و کەلتوری و... هتد لەخۆ دەگرێت.

ئەم بیروباوەڕە لای عەفلەق پایەیەکی سەرەکییە ناتوانرێت فەرامۆشبکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکان، لەبەرئەوە دەنوسێت: "ئەگەر پێمان بڵێن ئەمڕۆ یان هەر کاتێکی تر دەوڵەتێکی عەرەبیتان بۆ بونیاتدەنێن، کە گشت ئامانجەکانی بەعسی تێدا بەرجەستە بێت، بەڵام (بیرو باوەڕ) لە ژیانی ئەو کەسانەدا بوونی نەبێت کە ئەو دەوڵەتە پێکدەهێنن، دەڵێین پێمان باشترە وەك نەتەوەیەکی دابەشکراوو داگیرکراو ژێر دەست بمێنینەوە"[٦٢].

پیرۆزی ئەم ئیمانە لەپیرۆزی ڕۆحەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە ڕوح ئەسڵی هەموو شتەکانە، هیچ هۆکارو ئامرازێکی مادی کاری تێناکات و دروستکەری گشت لایەنێکە[٦٣]، (ئیمان- بیروباوەڕ) یەك لەو پێکهاتە ئەفسوناویانەیە، کە موعجیزە ئاسا هەموو لایەنە خراپەکان بەچاك، ناکۆکیەکان بۆ تەبایی و یەکریزی دەگۆڕێت.

ئەم ئیمانەی بەعس بناغەی بۆ داڕشتووە، خاوەنی پەیامێکی نەمرە کە خۆی لەدروشمی (نەتەوەی عەرەبی یەکێکەو خاوەنی پەیامێکی نەمرە)دا خۆی بەرجەستە دەکات. لەم ڕوانگەیەوە عەفلەق دەنوسێت: "پەیامی عەرەب، بەر لەهەموو شتێك ئیمانە، هیچ شتێك لەپایەی کەمناکاتەوەو لەکەداری ناکات، ڕاستیەکی چەسپاوو بەڵگەنەویستەو پێش گشت زانیاریەك دەکەوێت، هەرشتێکی بەڵگە نەویستیش پێویستی بە بەڵگەو پاسادانکردن نییە، ئەم ئیمانە لەدڵدایەو ژێری مرۆڤ بەیەکجار کۆنترۆڵ دەکات"[٦٤].

---

[60] المصدر نفسه، ص٢٩٦.

[61] المصدر نفسه، ص٢٩٧.

[62] مشيل عفلق: في سبيل البعث، ط١٩، ص١١.

[63] المصدر نفسه، ص٦٥.

[64] المصدر نفسه، ص٩٧.

ناوەرۆکی پەیامی عەرەبی گەیشتنە بە ئاستێك تیایدا ئامانجە باڵاکان لەواقعدا بەرجەستەدەبن، کۆمەڵگەیەکی عەرەبی ئازاد بونیاد دەنێت کە بارودۆخێکی لەبار بۆ تاکەکانی دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی توانا و بەهرە کەسیەکانیان پەرەپێبدەن و ژیاری عەرەبی بەرەوپێش ببەن[٦٥].

ئەوەی جێگای سەرنج و تێرامانە لەم پەیامەدا، بریتییە لەوەی بەعس باس لەچەند پەیامێك دەکات کە دواجار پەیامێکی نەمر پێکدەهێنن، بەپێی بارودۆخ و پێویستیەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی خواست و داواکانی ئەم پەیامە دەگۆڕێت، لەبەرئەوە دەبینین زۆرجار ئاڵۆزی و تێکەڵی دروستدەبێت، بگرە هەندێجار ئەم پەیامە جارێك وەك بیری نەتەوەیی عەرەب و جارێك وەك پەیامی ئیسلام گوزارشتی لێدەکرێت[٦٦].

بەمانایەکی تر ئەو پەیامەی بەعس بانگەشەی بۆ دەکات، قۆناغ و هەلومەرجە مێژوویی و کۆمەلایەتیەکان پێناسەی دەکەن و چەمکەکەی دیاری دەکەن، پێکهاتەکەشی لاستیکی و ناجێگیرە و شێوەیەکی گۆڕاوی هەیە، بە جۆرێك توانای لەخۆگرتنی گشت دیاردە و بیرۆکەیەکی هەیە ئەگەرچی دژیەکیش بن.

بەلام دوا گوزارشتی بەعس لەشکڵبەندی پەیامی نەمری عەرەب، بریتییە لە(یەکێتی-ئازادی-سۆسیالیزم)[٦٧]، هاوکات بەعس هەوڵئەدات بەبنەمایەکی شۆڕشگێڕییەوە پراکتیزەی میکانیزم و بنەماکانی نەتەوایەتی عەرەبی بکات، لێرەوە خەسڵەتێکی داهێنەرانە بەخۆیان دەدەن لەوەدا کە تاکە هێزی نێو مەیدانی نەتەوەیی عەرەبن، دروشمی شۆڕشگێڕی بڵند بکەن بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی نەتەوە[٦٨].

گیانی شۆڕشگێڕی عەرەب لای بەعس بەرەو لاوازی و ساردبوونەوە ڕۆیشتووە، ئەم لایەنە هۆکاری تایبەتی هەبووە، هەر لەدابەشبوون و سەرهەڵدانی ناکۆکیە ناوخۆییەکان و بازرگانیکردنی هەندێك لەخەڵك بە کەلتورو بەهانەتەوەیی و کۆمەلایەتیەکانەوە، تاپلانی داگیرکەران و...هتد، ئەم هۆکارانە دەبنەهۆی ئەوەی بەعس وەك بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی، وەك هێزێك پەیامی ڕزگاری و چارەسەری گشتی و یەکلاکەرەوەیە بۆ گشت کێشە و گرفتەکان، خۆی پێناس دەکات و دێتە گۆڕەپانی خەبات، چارەسەری بەعس بۆ ئەم گرفتانە لەسەرەتاوە بریتییە لە(کودەتا)، کودەتا بەمانای هەڵگێڕانەوە و لەڕیشە دەرکێشانی گشت دەردو نەخۆشیەکان و چاککردن و چارەسەرکردنیان بەخێراترین شێوە و کەمترین کاتی پێویست[٦٩]. ئەم پرۆسەیەی بەعس ئاماژەی

---

[٦٥] حزب البعث العربي الأشتراكي: المنهاج الثقافي المركزي، الكتاب الثاني، ص١٣٢.

[٦٦] بروانە { محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب والحركات القومية العربية، ج١، ص٢٤١؛ حزب البعث العربي الأشتراكي: المنهاج الثقافي المركزي، الكتاب الثاني، ص١٣١-١٣٢}.

[٦٧] محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب والحركات القومية العربية، ج١، ص٢٤١.

[٦٨] د. إلياس فرح: تطور الأيدولوجيا العربية المعاصرة (الفكر القومي)، ص٤٩.

[٦٩] نضال حزب البعث العربي الإشتراكي عبر بينات قيادتة القومية (١٩٥٥-١٩٦٢)، دار الطليعة-بيروت، ط١٩٧١، ٢، ص٥٩ ومابعدها؛ حزب البعث العربي الأشتراكي: المنهاج الثقافي المركزي، الكتاب الأول، ص١١٥ ومابعدها.

بۆ دەکات سەرەتا ناخی تاکەکانی نەتەوە، پاشان دامو دەزگاو پێکهاتە کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسیی و کەلتوریەکان دەگرێتەوە[70].

بەم جۆرە ئەتوانین دیارترین خەسڵەتو کارەکتەرەکانی ناسیۆنالیزمی بەعس لەچەند خاڵێکدا وێنا بکەین، کە دیارترینیان ئەمانەن:

١- ئیسلامو دیدی ناسیۆنالستانەی بەعس:

لەگەل ئەوەی بەعسیەکان بانگەشەی عەلمانیانەیاندەکرد بەڵام لە هەوڵی ئەوەدابوون (ئیسلام) وەك بەشێك لە کەلتوری عەرەبو وەك مێژوویەکی پرشکۆو باڵادەستی عەرەبی، بکەنە پێکهاتێکی فەنتازیکراوی نێو ئایدۆلۆجیای خۆیان، بەجۆرێك لەپیرۆزی ئیسلامەوە، پیرۆزی عەرەب وەك نەتەوەیەك لەبەرامبەر نەتەوەکان بسەلمێنن، لەبەر ئەوە زۆرجار وێنەیەك لەوێنەکانی پەیامە نەمرەکەی بەعس، بریتی بووە لە پەیامی ئیسلام یان کەسێتی پێغەمبەر وەك کەسێتی هەموو نەتەوەی عەرەب ئاماژەی بۆ کراوە، هەروەها جەخت لەسەر بە عەرەب بوونی ئەم پەیامەو بۆ عەرەب بوونیی و هەڵگرانی بەعەرەب لەقەڵەمدراوە(٧١).

هەر لەم دیدگایەوە بەعس هۆکاری هەڵبژاردنی نەتەوەی عەرەب بۆ ئەو تایبەتمەندیی و خەسڵەتە پۆزەتیڤانە گێڕاوەتەوە کە لە خودی نەتەوەی عەرەبدا بوونی هەیە(٧٢).

٢- فرە ڕەهەندی ناسیۆنالیزمی بەعس:

بەعس لە سەرەتاوە نەیویستووە ڕاڤەیەکی ڕوونی ئەو ناسیۆنالیزمە بخاتە بەرچاو کە داکۆکی لێدەکات، هەندێکجار ئاماژە بۆ ئەوە کراوە ناسیۆنالیزمی عەرەبی خاوەن بنەمای ڕەگەز پەرستی نییە، واتە لە دیدێکی ڕەگەزیەوە مامەڵە لەگەڵ نەتەوەکاندا ناکات[73].

هەروەها زیاتر لەوەش ناسیۆنالیزمی عەرەبی وەك ناسیۆنالیزمێکی کراوە دەناسێنن کە توانای لەخۆگرتنی هەر تاکێکی هەیە ئەگەرچی خاوەن ڕەگەزو خاکێکی جیاواز بێت، "عەرەب ئەو کەسەیە زمانی عەرەبی بێتو لەخاکی عەرەبدا بژیی و بڕوای بەعەرەب بوونی ڕەچەڵەکی هەبێت"[74].

هەندێك کاتی تر هێندە دەبنە ناسیۆنالستێکی شۆڤێنی هەرکەسو نەتەوەیەك یان کەمینەیەك خواستی ڕزگاریخوازیی و سەربەخۆی بڵندبکاتەوە، بەکەسانی جوداخوازو شوێنکەوتەو

---

70 مديرية الأعلام العامة-العراق: البعث العربي الإشتراكي إيمان راسخ، دار الحرية-بغداد،١٩٧٧، ص١٨؛ د.خاشع المعاضيدي وأخرون: دراسات في المجتمع العربي، ص١١٥ و١٢٥.

71 مشيل عفلق: في سبيل البعث، ط١٩، ص١٢١ ومابعدها؛ سمير الخليل: جمهورية الخوف (الكاملة)، ص٣٠٥.

72 محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب والحركات القومية العربية، ج١، ص٢٤٥.

73 المصدر نفسه،ص٢٤٧-٢٤٨.

74 المسار الإنساني للبعث، ص٢٩.

بەکرێگیراوی دەستی زایۆنیزمو ئیمپریالیزم ئاماژەیان بۆ کراوە، هاوکات ئەوزەویانەی کەمینە نەتەوەییەکانی تێدا دەژی بەخاکی عەرەب لە قەڵەمداوە[٧٥].

٣- سۆسیالیزمو ناسیۆنالیزمی بەعس:

ناسیۆنالیزمی بەعس هەوڵیداوە لەگەڵ ڕەوتە ناسیۆنالیستانەکەی، بنەمایەکی سۆسیالیستانە پەیڕەوبکات، ئەم هەڵوێستەش لەلای بەعسیزم "پێویستیەکی هەرە گرنگە بۆ بەدیهێنانی ئازادی نەتەوەیی عەرەبو یەکگرتنیو ڕاپەڕینە نوێکەی...لەبەر ئەوە لەپێشەوەی ئەرکە خەباتکاریەکانەوە بڵاوکردنەوەی بیرو بەهاو نەریتی سۆسیالیستانەیە"و پراکتیزەکردنێتی لەهەموو گۆڕەپانەکانی خەباتدا، هەروەها هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی بەگوێرەی پێداویستی هەموو قۆناغێك، هەرکاتێكو لەهەر پارچەیەکی نیشتمانی عەرەبدا ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە، لەئاسۆیەکی یەکگرتووەوە هەموو وای بۆ دەچن جێگیرکردنی سستەمی سۆسیالیستی عەرەبی تەواو لە سایەی دەوڵەتی یەکگرتوودا نەبێت نایەتەدی[٧٦].

بەڵام ئەم سۆسیالیزمەی بەعس لەلایەن عەفلەقەوە دەلالەتەکەی دەستنیشان کراوەو نوسیراوە: "ئێمە لەگەڵ پرەنسیپی سۆسیالیزمدا کۆکین، بەڵام ناکۆکیمان لەمەڕ شێوازەکانی هەیە، هەروەها سەرنجمان لە سەر پێگەی ئەم سۆسیالیزمە هەیە لە ژیانی ئێمەدا، ئێمە نەتەوەو ناسیۆنالیزمی خۆمان بە دەرهاویشتەیەکی لە ناکاوی قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئابووری نازانین هەروەك لەڕۆژئاوا بانگەشەی بۆ دەکرێت، بەڵکو ئەم سۆسیالیزمە شیاوو تەبایی هەیە لەگەڵ تێکۆشانو خەباتی نەتەوەییداو میکانیزمێکی پیلانگێڕیو داگیرکاری نییە بۆ وڵاتەکەمان، یان هۆکاری جوداخوازیو ڕوپۆشی بزوتنەوە شعوبیەکان نییە. ئێمە دەمانەوێت سۆسیالیزم ببێتە مایەی خزمەتکردن بەلایەنە نەتەوەییەکەمان"[٧٧].

٤- تواندنەوەی نەتەوەو چەمکە شۆڕشگێڕییەکان لە بۆتەی حزبی بەعسدا:

یەکێك لەدیارترین ئەو لایەنانەی بەعس جەختی لەسەر دەکاتەوە، بریتییە لەوەی کە لەدایکبوونو گەشەکردنی ئەم حزبە خواستێکی واقیعی هەمەلایەنی ئەو بارودۆخە ناهەموارو دژوارەبوو کە عەرەبو نیشتمانەکەی تێکەوتبوو، لەبەر ئەوە گشت بڕیارو هەڵوێستو بیرۆکەیەکی بەعس لەپێویستیەکانی کۆمەڵگەی عەرەبییەوە سەرچاوە دەگرێت، هاوکات خۆی بە بەدیهێنەری چەمکی (شۆڕشگێری-سۆسیالیزمی عەرەبی-یەکێتیو یەکگرتن-ئازادی-بوێریو چاونەترسی-...هتد) پێناسە دەکات[٧٨].

---

[75] میشیل عفلق: معركة المصير الواحد، مؤسسة العربية للدراسات-بيروت، ط٥، ١٩٧٣، ص٤٧.

[76] حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی-عیراق: ڕاپۆرتی سیاسی سەر بە هەشتەمین کۆنگرەی هەرێمایەتی کانونی دووەمی (١٩٧٤)، ل١٢٧.

[77] مشيل عفلق: في سبيل البعث، ط١٩، ص٣١٠-٣١١.

[78] ميشيل عفلق: معركة المصير الواحد، ص١٣٩ ومابعدها.

لێرەوە بەعس زەمینەسازی دەکات بۆ ئەوەی بڵێت ئەو دروشمو خواستە نەتەوەیی و نیشتمانیانەی نەتەوەی عەرەب لەدوای وێڵە بەتەواوی و بێکەمو کوڕی لەبەعسدا بەرجەستەبووە، بۆ نموونە لە تێگەیشتنی بۆ پەیامە نەمرەکەی عەرەبدا، بەم جۆرە گوزارشت دەدات "تێگەیشتنی قوڵ بۆ پەیامی نەتەوەی عەرەب لە بیروباوەڕی بەعسدا بەتەواوی بەرجەستەبووە بە هەموو ڕەهەندە مرۆیی و ئەخلاقی و ژیاریەکەیەوە"[79].

هەروەها کاتێك بەعس مەرج و میکانیزمی بەدیهاتنی دەسکەوتە نەتەوەیی و ژیاریەکانی عەرەب دیاریدەکات، هەوڵئەدات باس لە تێکۆشان و خەباتی بەردەوام لەچوارچێوەی پارتێکی شۆڕشگێڕی ڕێکخراو لەسەر ئاستی هەموو خاکی عەرەب کۆبکاتەوە، تا لەدواجاردا بڵێت "لەبەرئەوە پێویستە بەعس ئەو میکانیزمە (حزب) بێت کە مەرجە بۆ گەیشتن بە ئامانج و هیواکان، بەڵکو بەعس دەبێتە دینگەیەکی سەرەکی کە لە واقیعدا ئاواتە باڵاکان و ناوەرۆکی پەیامی عەرەبی بەرجەستە دەکات"[80].

بەم جۆرە بەعس لە هەوڵێکی بەردەوامدا، کار لەسەر مەترسیدارترین خواستی شاراوەی خۆی دەکات کە تواندنەوەی نەتەوەیە لەبۆتەی حزبێکدا، لەقاڵبدان و سنوردارکردنی نەتەوەی عەرەب و بەبەعسیکردنی هەر بوونەوەرێکە لەم چوارچێوەیەدا دەژی.

لێرەوە ئەو خەونەی بەعس لە زەینی خۆیدا دەیبینی، سەرەتا پێکهێنانی پارتێکی بەعسی بوو بۆ پێکهێنانی نەتەوەیەکی بەعسی، کە ئەشێ دواجار بۆ جیهانێکی بەعسی سەر بکێشێ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەمان ئەو خەونەیە کە هیتلەرو نازیەکانی ئەڵمانیا کاریان بۆ دەکرد.

## ئەنجام

لەکۆتایی ئەم نوسینەدا دەگەینە چەند ئەنجامێك، کە گرنگترینیان بریتیە لە:

- بەعس کە گوزارشت لەبیری نەتەوەیی عەرەب دەکات، لەبارودۆخێکدا لەدایکبوو کە سیستمی گەندەڵی پادشایەتی لەعیراقدا دوچاری تەنگژەیەکی هەمەلایەنانە بووبوو، لەلایەك کاریگەری ڕاستەوخۆی بەریتانیا لەسەر ئەم دەوڵەتە هۆکارێك بوو وایکرد زۆربەی ئاڕاستەو تەوژمە سیاسیەکانی عیراق پێیانوابێت حکومەت سەروەری لەدەستداوە، لەلایەکی تر هەژاری و نەبوونی فاکتەرێکی تر بوو. جگە لەمانە هەندێ بەهای کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابووری کە سەرجەمیان لەبەعسدا ڕەنگیان دابوەوە هۆکاری تر بوون کە خەڵکی لە دەوریان کۆببێتەوە.
- بەعسیزم لەڕووی ئایدۆلۆجیاو پرەنسیپ و دروشمەکانیەوە، تارێژەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری و سەرسامی بە نازییەکان گەڵاڵەکراوە، بۆیە دواتر هاوشێوەی ئەوان سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزم

[79] حزب البعث العربي الأشتراكي: المنهاج الثقافي المركزي، الكتاب الثاني، ص١٣٢.

[80] المصدر نفسه، ص١٣٣.

له بۆتەیەکدا کۆدەکاتەوە، لەڕاستیدا ئەم کارەی بەعس هێندەی بەرگیریکردنی ئەم دوو ئایدیایەبوو بۆ ئەوەی لەلایەن پارتە چەپو نەتەوەییەکانەوە گوزارشتی لێنەکرێت، بڕواو متمانە نەبوو پێیان.

❖ هەمیشە لێڵیو تەمو مژێك لە دیدو تێڕوانینەکانی بەعسو پرەنسیپەکانیدا هەیە، کە وایکردووە هەرکاتو چۆنیان بوێت بەوجۆرە ڕاڤەی چەمكو کێشەکان بکەنو چارەسەرییان بۆ بدۆزنەوە، یاخود مەوداو سنوری چەمکەکان دیاری بکەنو بەخواستی خۆیان ماناکانیان بگۆڕن، بۆیە ئاساییە زۆرجار ناکۆکیو دژوەستانەوەی فیکری لە بەعسیزمدا بەدیبکرێت، هەر ئەم لایەنە شێوەیەکی لاستیکیو فرەڕەهەندی بە بەعس بەخشیووە، کە وایکردووە بەعس پێناسەی جۆراوجۆر هەڵبگرێت.

❖ واقیعی بەرجەستەبووی بەعسیزم لەوەرگێڕانو ڕاگواستنی دروشمەکان لەنوسینو تیۆرەوە بۆ کردار شکستمان پێدەناسێنێت، هەروەك چۆن ئاشکرایە کە زۆربەی چەمکەکانی بەعسیزم بەدیهێنەری تاکڕەویو سیستمێکی تۆتالیتارو دیکتاتۆرە، لەبەرئەوە دواجار دەبێتە یەکێك لە نامرۆڤانە ترین دەسەڵاتی چەوسێنەر لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

سەرچاوەکان:


١. إلياس فرح: مقدمة في دراسة المجتمع العربي والحضارة العربية، جامعة بغداد، ١٩٧٩.

٢. أحمد حسين يعقوب: طبيعة الأحزاب السياسية العربية، بيروت، ١٩٩٧.

٣. بدر الدين مدثر: البعث ومسألة الجنوب في السودان، مجلة (آفاق عربية)، السنة الثالثة، العدد (٨)نيسان١٩٧٨.

٤. حزب البعث العربي الإشتراكي: المنهاج الثقافي، الكتاب الأول.

٥. حزب البعث ئعربي الإشتراكي: المنهاج الثقافي المركزي، الكتاب الثاني، دار الحرية- بغداد، ط١، ١٩٨٧.

٦. حزب البعث العربي الإشتراكي- القيادة القومية: بعض المنطلقات النظرية التي أقرها المؤتمر القومي السادس في تشرين الأول١٩٦٣، دار الحرية- بغداد، ١٩٧٢.

٧. حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی-عیراق: ڕاپۆرتی سیاسی سەر بە هەشتەمین کۆنگرەی هەرێمایەتی کانونی دووەمی (١٩٧٤).

٨. حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران: کورتە باسێك لەسەر سۆسیالیزم، گەلاوێژی١٣٦٢.

٩. حسن السعيد: نواطير الغرب، مؤسسة المنار-قم، ١٩٩٤.

١٠. حنا بطاطو: العراق-الكتاب الثالث (الشيوعيون والبعثيون والضباط الأحرار)،ت: عقيف الرزاز،ط١، بيروت، ١٩٩٢.

١١. د.خاشع المعاضيدي و آخرون: دراسات في المجتمع العربي،ط١، جامعة بغداد،١٩٧٩.

١٢. سمير الخليل: جمهورية الخوف (عراق صدام)، ط١، القاهرة.

١٣. شبلي العيسمي: حزب البعث العربي الأشتراكي (مرحلة النمو والتوسع ١٩٤٩ – ١٩٥٨)، ج٢، دار

الشؤن العامة، بغداد ، ط٣، ١٩٨٧.
١٤. عبد الرزاق الحسيني: تأريخ الأحزاب السياسية العراقية (١٩١٨-١٩٥٨)، ط١، بيروت، ١٩٩١.
١٥. ليث عبد الحسين الزبيدي: ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ في العراق، بغداد،ط٢، ١٩٨١.
١٦. مجموعة من مؤلفين: موسوعة الهلال الاشتراكية، دار الهلال، يوليو١٩٦٨.
١٧. محمد جمال باروت وآخرون: الأحزاب و الحركات القومية العربية،ج١، المركز العربي للدراسات الاستراتيجية، دمشق، بدون سنة الطبع.
١٨. محمد جمال باروت: حركة القوميين العرب، المركز العربي للدراسات الاستراتيجية، دمشق، بدون سنة الطبع.
١٩. مديرية الأعلام العامة-العراق: البعث العربي الإشتراكي إيمان راسخ، دار الحرية-بغداد،١٩٧٧.
٢٠. د. مظفر الأدهمي وأخرون: التأريخ الحديث والمعاصر للوطن العربي، بغداد، ط٢، ١٩٨٢.
٢١. منشورات مديرية الثقافة: المسار الإنساني للبعث، مطبعة جامعة الموصل.
٢٢. نضال حزب البعث العربي الإشتراكي عبر بيانات قيادتة القومية (١٩٥٥-١٩٦٢)، دار الطليعة-بيروت، ط٢، ١٩٧١.
٢٣. هاني الفكيكي: أوكار الهزيمة (تجربتي في حزب البعث العراقي)، قم، ١٩٩٢.
٢٤. وليام شيرر: تأريخ ألمانيا الهتلرية (نشأة وسقوط الرايخ الثالث)، تعريب: خيري حماد، بيروت-لبنان، دار الكتب العربي، ط٢، حزيران١٩٦٦.

## *Summary*

*The Baáthist ideology, which approximately lasted for a half century, was practicing the language and philosophy of authority that left deep-rooted impacts in the personal character, the nature of treatment and the thinking of Iraqi individual in the society, moreover, such an ideology created a powerful totalitarian system, which utterly controlled every aspect of social, political and economic life of community. Hence it produced terribly violent figures and dictators.*

*Such an ideology essayed to embody the social and national thinking in its essence. It formulated one strong ethnicity that encompassed other various ethnicities and races so that one ethnicity predominated over the rest in a way a new ethnicity was formed at the expense of erasing the origin of others, for instance: the arabization action conducted by Arabic Baáthists aimed at cleansing Kurdish ethnicity or converting them to Arabs. Thus, understanding and reading of the structure and the content of Baáthist political thinking have become a significant topic for researches, especially clarifying this relation between socialism and nationalism in the Baáthist political thinking as well as demonstrating each concept concerned with this domain.*

*Through the introduction and the two units, we have followed the critical and analytical methods, and attempted to present how Baáthism understood these two concepts. It is worthwhile to mention that we*

*have essayed to read and analyze the idea as well as how Baáthism conceived these two concepts; this method (that we followed in our research) in the academic frame has not previously been used. In addition, our research has not previously conducted by others; hence it is a new topic. If there were a research, which conducted by someone, concerned with the same subject I researched, there would certainly be a difference in the nature of this research.*

## ملخص البحث


ان الايديولوجية البعثية حكمت قرابة نصف قرن في تاريخ العراق المعاصر وكانت هذه الايديولوجية لغة وفلسفة السلطة للسياسية، ولها انعكاسات جذرية وعميقة في تكوين شخصية الفرد في المجتمع العراقي وطبيعة تعامله وتفكيره، وخاصة انها انشأت نظاما شموليا قويا سيطرت على كافة مجالات الحياة السياسية والاقتصادية والاجتماعية، لذلك صار المجتمع العراقي منتجا للشخصيات الارهابية والدكتاتورية.

ان احدى السمات البارزة لهذه الايديولوجية انها حاولت دمج وجمع القومية والاشتراكية فيها، حتى يتكون منها شكل جديد وتتمكن من ضم واحتضان اية قومية او عنصر يختلف عنها وتجعل منه قومية جديدة تحت لواء البعثية.

من هنا يتبين مدى اهمية فهم وقراءة وتكوين مضمون البعثية، ودراسة هذه الظاهرة حاجة ملحة في محيطنا الاكاديمي، خصوصا فيما يتعلق بتحديد وتوضيح العلاقة التي يمكن ان نراها بين القومية والاشتراكية في فكر البعث، ومع ذلك فإن عرض كل من المصطلحين في ذهنية البعث ذو اهمية في هذا الجانب.

من اجل كل ما اشرنا إليه ومن خلال تمهيد ومبحثين، وباتباع منهج تحليلي نقدي، نحاول عرض كيفية تعريف وفهم البعثية لكلا المصطلحين، والجدير بالذكر ان هذه الدراسة وباسلوب اكاديمي لتحليل الايديولوجية البعثية وبهذه المنهجية وطبيعة الدراسة تحاول ان تقدم طرحا جديدا في هذا المضمار.

Journal of JZS

# Zankoy Sulaimani

## Part B

ISSN/1813-0852

**Scientific Journal Issued by University of Sulaimani**

**Humanitarian Sciences - Kurdistan Region / Iraq**

No. 20 June 2007